چەند باسێکی گرنگ سەبارەت بە زەکات

[کردي – کوردی – kurdish]

عەبدولسەلام پشدەری

پێداچونەوەی :پشتیوان سابیر عەزیز

١٤٣٢ - ٢٠١١

IslamHouse.com

﴿ بعض المسائل المهمة المتعلقة بالزكاة ﴾

« باللغة الكردية »

عبد السلام بشدري

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

١٤٣٢ – ٢٠١١

IslamHouse.com

چەند باسێكی گرنگ سەبارەت بە زەكات

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە و میهرەبان ودرود وصەڵات و سەلام بۆ سەر گیانی پاكی محمد المصطفى و ئەهل وبەیت و یارو یاوەرانی هەتا هەتایە .

خۆشەویستان زەكات دەركردن لەو ماڵ وداراییەی كە خوای پەروەردگار بەخشیویەتی بە ئادەمیزاد یەكێكە لەو پێنجە پایە گرنگەی كە ئاینی پیرۆزی ئیسلامی لەسەر بنیاتراوە بۆیە پێویستە مرۆڤی باوەڕدار بەهیچ شێوەیەك تەمبەڵی و كەمتەرخەمی تێدا نەكات وهەر كاتێك ماڵ و سامان ودارایی گەشتە ئەو ڕادەیەی كە خوا و پێغەمبەرەكەی (صلى الله علیه وسلم) دیاریان كردوە بۆ واجب بوونی زەكات زەكاتەكەی دەربكات چونكە زەكات دەركردن بەو شێوەیەی ئیسلام باسی كردوە یەكێكە لەو هۆكارانەی كە تەكافل و هەمانگەیەكی تەواو دروست دەكات لەنێو كۆمەڵگەدا، لەبەر ئەم گرنگەیە بەپێویستم زانی ئەم بابەتەتان پێشكەش بكەم .

یەكەم: پلە وپایەیی زەكات لەئاینی ئیسلامدا .

زەكات فەرزێكە لەفەرزەكانی ئایین ووە پایەكە لەپایەكانی. (عن ابن عُمَرَ رضي الله عنهما قال قال رسول اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) بُنِيَ الْإِسْلَامُ على خَمْسٍ شَهَادَةِ أَنْ لَا إِلَهَ إلا الله وَأَنَّ مُحَمَّدًا رسول اللَّهِ وَإِقَامِ الصَّلَاةِ وَإِيتَاءِ الزَّكَاةِ وَالْحَجِّ وَصَوْمِ رَمَضَانَ). { رواه البخاري ٨ و مسلم ١٩/ ١٦} واتە: عەبدوڵڵای كوری عومەر رەزای خوایان لێبێت دەڵێ: پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم) فەرمووی: ئیسلام لەسەر پێنج پایە دامەرزێنردراوە: شایەتوومان هێنان بەوەی كە جگە لە خوا هیچ پەرستراوێكی راست نییە وكە موحەممەد (صلى الله علیه وسلم) نێرداوی خوایەو نوێژ بەرپاكردن و زەكات دان وحەجی ماڵی خوا وگرتنی رۆژووی رەمەزان.

دووەم: گەورەیی زەكات:

ناوی زەكات كە لەم دووروشمە نراوە گەورەی ئەم دووروشمە دەگەیەنێ كە لەلایەكەوە مانای پاكی وزیاد بوون دەگەیەنێ وەك قورئان دەفەرموێ: (خُذْ مِنْ أَمْوَالِهِمْ صَدَقَةً تُطَهِّرُهُمْ وَتُزَكِّيهِمْ بِهَا) {التوبة: ١٠٣} واتە: ئەی موحەممەد (صلی الله علیه وسلم) لەماڵ وسامانیان صەدەقەیەك وەربگرە بەهۆیەوە پاكیان دەكەیتەوە لە گوناه ودڵیان پوخت وخاوێن دەكەیت بەو ماڵ بەخشینە.

زەكات وماڵ بەخشین پاك بوونەوە وگەشەكردنە بۆ دەوڵەمەندو هەژار بۆ خۆیان وماڵ وسامانیان وە مایەی رزگاری وسەر فرازییە. خوای گەورە دەفەرموێ: (وَمَا آتَيْتُمْ مِنْ رِبًا لِيَرْبُوَ فِي أَمْوَالِ النَّاسِ فَلَا يَرْبُو عِنْدَ اللَّهِ وَمَا آتَيْتُمْ مِنْ زَكَاةٍ تُرِيدُونَ وَجْهَ اللَّهِ فَأُولَئِكَ هُمُ الْمُضْعِفُونَ) {الروم: ٣٩}.

واتە: هەر زەكات وخێرێك داوتانە و مەبەستان رەزامەندی خوا بووە ئا ئەوانە پاداشتیان دوو چەندان دەكەینەوە.

(عن أبي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه قال قال رسول اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) من تَصَدَّقَ بِعَدْلِ تَمْرَةٍ من كَسْبٍ طَيِّبٍ ولا يَقْبَلُ الله إلا الطَّيِّبَ وَإِنَّ اللَّهَ يَتَقَبَّلُهَا بِيَمِينِهِ ثُمَّ يُرَبِّيهَا لصاحبها كما يُرَبِّي أحدكم فَلُوَّهُ حتى تَكُونَ مِثْلَ الْجَبَلِ) { رواه البخاري ١٤١٠ ومسلم ١٠١٤} واتە: ئەبو هورەیرە (رەزای خوای لێ بێ) دەڵێ: پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ: هەر كەس بەئەندازەی دەنكە خورمایەك ماڵی بە حەڵاڵ پەیدا كراو ببەخشێت خواش ماڵ پاك وحەڵاڵ وەری ناگرێت بە دەستی راستی وەری دەگرێ وپاشان گەورەی دەكات بۆ خاوەنەكەی وەك چۆن كەسێكتان جوانوویەك بەخێودەكات وگەورەی دەكات هەتا ماڵە بەخشراوەكە ـ بەقەدەر ئوحودی لێ دێ.

سێیەم: كەی زەكات فەرز بوو:

سەرەتا زەكات بەرەهایی فەرمانی پێكرا بوو هیچ مەرج وشەرتێكی نەبوو و ئەندازە وڕێژە وساڵ تێپەرینی بۆ دیاری نەكرابوو ئایەتەكانی قۆناغی مەككە دەربارەی ماڵ بەخشین لەم جۆرە بوون وەك: (طس تِلْكَ آيَاتُ الْقُرْآنِ وَكِتَابٍ مُبِينٍ (١) هُدًى وَبُشْرَى لِلْمُؤْمِنِينَ (٢) الَّذِينَ يُقِيمُونَ الصَّلَاةَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَهُمْ بِالْآخِرَةِ هُمْ يُوقِنُونَ) {النمل: ١ - ٣} واتە: ئەمە ئایەتەكانی قورئان وكتێبی ئاشكرایە هۆی رێنموونی ومژدەدانە بۆ باوەرداران ئەوانەی كە نوێژ بەجێ دێنن وزەكات دەدەن وئەوانەی باوەری بتەویان بە رۆژی دوای هەیە.

جا قوناغی مەدینە هات لە ساڵی دووەمی كۆچیدا زەكات بە هەموو باس وبەشە پەیوەندی دارەكانیەوە لە ساڵی دووەمی كۆچیدا فەرز كرا.

چوارەم: بەڵگەی پێویست بوونی زەكات

زەكات پایەكی گرنگی ئیسلامە ئەوەندە بەڵگەی بەهێز لەسەر واجبیەتی هەیە كە چووتە ریزی ئەو بابەتانەوە كە زۆر روون وئاشكران لە ئیسلامدا كە هەركەس ئینكاریان لێ بكات كافر دەبێت ولە ئیسلام دەچێتە دەرەوە، ئەمانەش هەندێكن لەو بەڵگانە "واجب " بوونی:

قورئان دەفەرموێ: (وَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ وَآتُوا الزَّكَاةَ) {البقرة:٤٣ } واتە: نوێژ بە چاكی بكەن وزەكات بدەن. قورئان لە چەندین شوێندا فەرمان دەكات بەزەكات دان، لە سی ودوو جێگادا وشەی زەكات هاتووە لە قورئاندا. لە سوننەتی پێغەمبەریشدا (صلى الله عليه وسلم) بەڵگەی واجب بوونی زۆرە یەكێكان ئەم فەرموودەیە:

(عن ابن عُمَرَ رضي الله عنهما قال قال رسول اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) بُنِيَ الْإِسْلَامُ على خَمْسٍ شَهَادَةِ أَنْ لَا إِلَهَ إلا الله وَأَنَّ مُحَمَّدًا رسول اللَّهِ وَإِقَامِ الصَّلَاةِ وَإِيتَاءِ الزَّكَاةِ وَالْحَجِّ وَصَوْمِ رَمَضَانَ) { رواه البخاري ٨ ومسلم ١٦} واتە: پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ: ئیسلام لەسەر پێنج پایە دامەزرێنردراوە: شایەتومان كە جگە لە خوا هیچ پەرستراوێكی راست نییە و موحوممەدیش پێغەمبەرە (صلى الله عليه وسلم) نوێژ كردنە و زەكاتدانە و حەجی ماڵی خوایە وەرگرتنی رۆژووی ڕەمەزانە.

(عن ابن عَبَّاسٍ رضي الله عنهما قال قال رسول اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) لِمُعَاذِ بن جَبَلٍ حين بَعَثَهُ إلى الْيَمَنِ إِنَّكَ سَتَأْتِي قَوْمًا أَهْلَ كِتَابٍ فإذا جِئْتَهُمْ فَادْعُهُمْ إلى أَنْ يَشْهَدُوا أَنْ لَا إِلَهَ إلا الله وَأَنَّ مُحَمَّدًا رسول اللَّهِ فَإِنْ هُمْ أَطَاعُوا لك بِذَلِكَ فَأَخْبِرْهُمْ أَنَّ اللَّهَ قد فَرَضَ عليهم خَمْسَ صَلَوَاتٍ في كل يَوْمٍ وَلَيْلَةٍ فَإِنْ هُمْ أَطَاعُوا لك بِذَلِكَ فَأَخْبِرْهُمْ أَنَّ اللَّهَ قد فَرَضَ عليهم صَدَقَةً تُؤْخَذُ من أَغْنِيَائِهِمْ فَتُرَدُّ على فُقَرَائِهِمْ فَإِنْ هُمْ أَطَاعُوا لك بِذَلِكَ) { رواه البخاري ٤٣ ٤٧ ة ١٣٩٥ و ١٤٥٨ ومسلم ١٩} واتە: عەبدوڵڵای كوری عەبباس "رەزای خوای لێبێت " دەڵێ: پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بە موعازی كوری جەبەل فەرموو كاتێ ناردی بۆ یەمەن: بێگومان تۆ دەچیتە لای كۆمەڵێك لە خاوەن كتێبەكان گاورو جوولوكە ، جا كاتێ چوویتە ناویان بانگیان بكە بۆ ئەوەی شایەتوومان بێنن، كە جگە لە خوا هیچ پەرستراوێكی راست نییە و موحەممەدیش (صلى الله عليه وسلم) نێردراوی خوایە، جا ئەگەر ئەمەیان بەگوێ كردی ئەوە پێیان بڵێ: بێگومان خوا لەشەو ورۆژێكدا پێنج نوێژی لەسەر فەرز كردوون، جا ئەگەر ئەوەشیان بە گوێ كردی ئەوە پێیان بڵێ: بێگومان خوا زەكاتێكی لەسەر فەرز

کردوون که له دەوڵەمەندەکانیان دەسەنرێت ودەدرێت به هەژارەکانیان، جا ئەگەر ئەمەشیان بەگوێ کردی.....

پێنجەم: حوکمی زەکات نەدان :

أ ـ ئەوەی باوەری به زەکات نییه: وتمان زەکات یەکێکه لەپایەکانی ئاینی ئیسلام پاش شایەتومان ونوێژ سێیەم پایەی ئیسلامه. لەبەر ئەوە زانایانی ئیسلام یەك دەنگن لەسەر ئەوەی هەر کەس دانی پێدا نەنێ وباوەری پێی نەبێت ئەوە کافر دەبێت له ئایین هەڵگەراوەتەوە، ئەگەر تەوبه نەکات وپەشیمان نەبێتەوە خوێنی حەڵاڵه ودەکوژرێت.

ئیمامی نەوەوی له ئیمامی خەتابیەوە دەگێرێتەوە که دەڵێ: بێگومان هەر کەس داننەنێ بەوەدا که زەکات فەرزە لەم سەردەمانەدا ئەوە بەیەك دەنگی زانایان کافرە.... وە له ناو موسوڵمانان فەرز بوونی زەکات ئەوەندە روون وئاشکرایه هەموو کەس دەیزانێ وزانا ونەزان تێیدا یەکسانن، لەبەرئەوە کەس بیانووی نییه بروبیانو بێنێتەوە بۆ دانپێدانەنانی. هەروەها بۆ هەر شتێکی تریش یەك دەنگ زانایانی لەسەر بێ لەکاروباری ئایین دا..

ئیبن حەجەری عەسقەلانی دەڵێ: باوەر نەبوون وداپێدا نەنانی ئەوەی که زەکات فەرزە کوفرە.

ب ـ حوکمی ئەوەی لەبەر رژدەیی ورەزیلی زەکات نادات:

بەڵام ئەگەر کەسێ زەکات نەدات لەبەر رەزیلی وچروکی، بەڵام باوەری پێی هەبێ وبه فەرزی بزانێت ئەوە گوناهبارە دەبێ وسزای سەختی دوارۆژی بۆ هەیه وەك لەم ئایەته پیرۆزانەدا دەفەرموێ: (يَكْنِزُونَ الذَّهَبَ وَالْفِضَّةَ وَلَا يُنْفِقُونَهَا فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَبَشِّرْهُمْ بِعَذَابٍ أَلِيمٍ (٣٤) يَوْمَ يُحْمَى عَلَيْهَا فِي نَارِ جَهَنَّمَ فَتُكْوَى بِهَا جِبَاهُهُمْ وَجُنُوبُهُمْ وَظُهُورُهُمْ هَذَا مَا كَنَزْتُمْ لِأَنْفُسِكُمْ فَذُوقُوا مَا كُنْتُمْ تَكْنِزُونَ) {التوبه:٣٤- ٣٥}. واته: ئەوانەی ئاڵتوون وزیو سەر یەك دەنێن وکۆی دەکەنەوە ولەرێی خوادا بەختی ناکەن ئەوە مژدەیان پێی بدە بەسزایەکی پر ئێش وئازار له ماڵ وسامانەکەیان لەو رۆژەدا لەئاگی دۆزەخدا سوور دەکرێتەوە ئەنجا روومەت وتەنیشت وپشتیانی پێ داخ دەکرێ پێیان دەوترێ ئەمه ئەو سامانەیه کۆتان دەکردەوە بۆ خۆتان دەی بیچەژن تۆڵەی ئەوەی کۆتان دەکردەوە.

(عن أبي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه قال قال رسول اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) من آتَاهُ الله مَالًا فلم يُؤَدِّ زَكَاتَهُ مُثِّلَ له يوم الْقِيَامَةِ شُجَاعًا أَقْرَعَ له زَبِيبَتَانِ يُطَوَّقُهُ يوم الْقِيَامَةِ

ثُمَّ يَأْخُذُ بلهزميه يَعْنِي شدقيه ثُمَّ يقول أنا مَالُكَ أنا كَنْزُكَ ثُمَّ تَلَا) { رواه البخاري ١٣٣٨}
خواي گەورەش فەرموويەتى : (وَلَا يَحْسَبَنَّ الَّذِينَ يَبْخَلُونَ بِمَا آتَاهُمُ اللَّهُ مِنْ فَضْلِهِ هُوَ خَيْرًا لَهُمْ بَلْ هُوَ شَرٌّ لَهُمْ سَيُطَوَّقُونَ مَا بَخِلُوا بِهِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَلِلَّهِ مِيرَاثُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ) {آل عمران: ١٨٠}. ئەبوهورەیرە ڕەزای خوای لێبێت دەڵێ: پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: هەر کە خوا ماڵ سامانی پێ ببەخشێ وزەکاتی لێ نەدات ڕۆژی دوایی ئەو سامانە بۆی دەبێتە نێرە مارێکی کەچەڵ کە دوو خاڵی ڕەش لەپشت چاوەکانییەوەیە ڕۆژی دوایی لە ملی دەئاڵێ وپاشان بە قەپ هەردوو شەویلکەی دەگرێ ودەڵێ: من ماڵە کۆکراوەکەت منم ماڵەکەت، پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە (وَلَا يَحْسَبَنَّ الَّذِينَ يَبْخَلُونَ.....).

واتە: ئەوانەی ئاڵتون و زیوو سەریەك دەنێنو کۆی دەکەنەوە و لە ڕێی خوادا بەختی ناکەن ئەوە مژدەیان پێ بدە بە سزایەکی پڕ ئێش و ئازار (ماڵ و سامانەکەیان) لەو ڕۆژەدا لە ئاگری دۆزەخدا سور دەکرێتەوە ئەنجا ڕوومەت و تەنیشت و پشتیانی پێ داخ دەکرێ پێیان دەوترێت ئەمە ئەو سامانەیە کۆتان دەکردەوە بۆ خۆتان دەی بیچەژن تۆڵەی ئەوەی کۆتان دەکردەوە ، (عن أبي هريرة قال لما توفي رسول الله (صلى الله عليه وسلم) واستخلف أبو بكر رضي الله عنه بعده وكفر من كفر من العرب قال عمر بن الخطاب رضي الله عنه لأبي بكر رضي الله عنه كيف نقاتل الناس وقد قال رسول الله (صلى الله عليه وسلم) أمرت أن أقاتل الناس حتى يقولوا لا آله الا الله فمن قال لا آله الا الله فقد عصم مني ماله ونفسه الا بحقه وحسابه على الله فقال أبو بكر رضي الله عنه والله لأقاتلن من فرق بين الصلاة والزكاة فإن الزكاة حق المال والله لو منعوني عقالا كانوا يؤدونه إلى رسول الله (صلى الله عليه وسلم) لقاتلتهم على منعه قال عمر بن الخطاب رضي الله عنه فوالله ما هو الا أن رأيت الله قد شرح صدر أبي بكر للقتال فعرفت أنه الحق) { رواه البخاري ١٣٣٥ ومسلم ٢ } واتە: ئەبوهورەیرە ڕەزای خوای لێبێت دەڵێ: پێغەمبەری خوا وەفاتی کرد دوای ئەو ئەبوبەکر بوو بە جێنشینی کۆمەڵێ لە عەرەبەکان لەئیسلام هەڵگەڕانەوە، عومەر ڕەزای خوای لێبێت وتی بە ئەبو بەکر (ڕەزای خوای لێ بێت): چۆن دەجەنگی دژی ئەو خەڵکە؟ لە کاتێکدا پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: فەرمانم پێدراوە دژی خەڵکی بجەنگم هەتا دەڵێن "لا اله الا الله " ئەنجا ئەبوبەکر "ڕەزای خوای لێبێت " وتی: سوێند بەخوا دەجەنگم دژ بەوانەی نوێژو زەکات لەیەك جیادەکەنەوە، چونکە زەکات مافی ماڵ وسامانە. سوێند بە خوا ئەگەر کارە بچکۆلەیەکم پێ نەدەن کە لەوە وپێش دەیاندا بە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لە دژیان دەجەنگم، عومەر "ڕەزای خوای لێبێت " وتی: سوێند بەخوا هەرکە خوا دڵی بۆ جەنگین ڕێنموونی کرد ئیتر منش زانیم ئەو جەنگین لەدژی زەکات نەدەران ڕاست وهەقە.

شەشەم: زەكات دان لەسەر كێ پێویستە:

زەكات لەسەر كەسێ واجبە كە ئەم مەرجانەی تێدا بێت:

١ـ موسڵمان بێت.

٢ـ ماڵەكەی گەشتبێتە رادەی زەكات، ئەمە دواتر بە درێژی باسی دەكەین.

٣ـ ساڵ بەسەر ماڵكەیدا كە لە رادەی زەكات دا بێت تێپەڕێ، جگە لە دانەوێڵە ومیوەجات ئەوە لە ڕۆژە ڕنین ودروێنەیاندا زەكاتیان لێ دەدرێت ئەگەر بگەنە رادەی زەكات قورئان .

بەم شێوەیە هاتینە كۆتایی ئەم بابەتەی ئەمجارەشمان تا بەیەك گەشتنەوەیەكی تریش بەخواتان دەسپێرم و خواتان لەگەڵ.